# کورد قڕان لە بەڵگەنامەکانی بەعس

## بەشی دووەم

# هەشت پەلامارەکەی ئەنفال

مەجید ساڵح

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

# ئەنفالی یەکەم

## ٢/٢٣ بۆ ١٩ی ئازاری ١٩٨٨

**"من بۆ لێیان گەڕێم لەوێ بژین وەك كەركەهیچ شتێك نازانن، باشە ئێمە چیمان لەمانە دەست دەكەوێت.."**

First Anfal: 23 February - 19 March 1988




**بەدرێژایی شەڕی نێوان عیراق و ئێران ناوچە رزگاركراوەكانیش بەرەیەكی تری شەڕەكە بوون، بەپێی هەندێك لەلێدوانەكانی عەلی حەسەن ئەلمەجید هێزی پێشمەرگە ٤٠٪ی سوپای عیراقی سەرقاڵكردبوو، بەتایبەت پاش هەرەسهێنانی وتووێژەكانی نێوان رژێمی بەعس و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ژمارەی پێشمەرگەكانی یەكێتی بەشێوەیەكی بەرچاو لەزیادبووندا بوو، عەلی حەسەن ئەلمەجید پێش هەر لایەنێك شەڕی دژ بەیەكێتیی نیشتمانی و خودی سەركردایەتیی یەكێتی هەڵگیرساندو كاتژمێر نزیكەی یەك و نیو یان دووی شەوی ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨، سوپای عیراق بەهەموو توانایەكی خۆیەوە هێرشێكی بەربڵاوی كردە سەر یاخسەمەرو سەرگەڵوو و بەرگەڵوو كەسەركردایەتیی (ی.ن.ك)ی لێبوو، ئەم پەلامارە بەیەكەم تەقەی ئەنفالی یەك دێتە ژماردن.**

**سوپای عیراق قواتی بەدر و قەعقاع و موعتەسەم و (٤٨) فەوجی جاش و ئەمن و ئیستیخبارات و مخابەرات و هێزی ئاسمانی و گاردی كۆماری لەسێ لاوە پەلاماری دۆڵی جافەتییان داو تەنیا رێگایەكیان بۆ هەڵاتن لەلای رۆژهەڵاتەوە لەڕووی ئێرانەوە هێشتەوە. سەرئەنجام سوپای عیراق توانیی بارەگای سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دوای سێ هەفتە شەڕی دەستەو یەخە داگیربكات.**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

سوپای عیراق لەم پەلامارەدا بەشێوەیەکی خەست چەکی کیمیایی لەڕێگای تۆپ و کاتیۆشا بەکارهێنا، سەرکردایەتیی ئەم پەلامارە لەئەستۆی لیوا روکن سوڵتان هاشم کەئەوکات فەرماندەی فەیلەقی یەك بوو.

هەرچەندە لەڕاپۆرتەکەی میدل ئیست ووچ دا هاتووە کەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان خۆی بۆ ئەم پەلامارە ئامادە نەکردبوو، بەڵام شۆڕش حاجی کەخۆی یەکێکە لەپێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەو پەلامارە لەکتێبی (ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق) دەڵێت: سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ماوەیەك پێش دەستپێکردنی شەڕەکان، زانیاریی ئەوەی هەبووە کەعیراق بەتەمایە پەلاماری بارەگاکانیان بدات لەدۆڵی جافایەتی، بۆیە هێزی سەرەکیی هەموو تیپەکانی مەڵبەندی سێ و بەشێکی مەڵبەندی یەکی لەدۆڵی جافایەتی و دەوروبەریدا کۆکردبووەوە" هەروەها دەڵێت: "مەڵبەندی دوویش کەبارەگاکانی لەو سنوورەدا بوو، هەموو تیپەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا کۆکردبووەوە".

شانبەشانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان و پاسۆك و حزبی شیوعیی عیراق و پارتی سۆسیالیستی کوردستانیش لەو شەڕانەدا بەشدارییان کرد، کە لەسنووری ئەنفالی یەکدا روویاندا..

رادەی هێرشەکان و بەربڵاویی سنووری جەبهەکان شێوازێك بوو کەپێشتر پێشمەرگە لەسەری رانەهاتبوو، هەربۆیە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان هەندێك لەپێشمەرگەکان توانییان خۆیان و کەسوکاریان و زۆر لەخەڵکی گوندەکان دەربازبکەن و بگەنە سنووری عیراق-ئێران. تەنیا پێشمەرگەکانی سنووری گەرمیان نەبێت کەبۆ بەرگریکردن گەڕانەوە ناوچەکەی خۆیان، بەپێی قسەی هەندێك لەو پێشمەرگانەی سنووری گەرمیان کە لەئەنفالی یەکدا بوون، پاش داگیرکردنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی ئەوان هەرپێیان وابوو کەدەتوانن بەرگری بکەن، هەر ئەوەش وایکرد بگەڕێنەوە سنوورەکەی خۆیان. تایبەتمەندییەکی ئەنفالی یەك لەوەدایە کەزۆربەی خەڵکەکەی دەربازبوون، ئەوەی چووە ئێرانەوە لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێکران و هەندێکیش هاتنە سلێمانی، بەڵام پاشتر لەڕێگای دەزگا حزبی و ئەمنییەکانەوە زۆربەی ئەو خەڵکەی کەسنووری دەسەڵاتی بەعسییان هەڵبژاردبوو بێ سەروشوێن کران.

یەکێکی تر لەتایبەتمەندییەکانی ئەنفالی یەك لەوەدایە کەڕژێمی بەعس زۆر ملهوڕانە چەکی کیمیایی لەو ماوەیەدا بەکارهێناو تەنانەت لە ١٩٨٨/٣/١٦ (کەدەکاتە سێ رۆژ پێش کۆتایی پەلاماری ئەنفالی یەك) شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و پێنج هەزار هاووڵاتیی شارەکەی کوشت و بریندارکرد، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەوڵێکی عەلی حەسەن ئەلمەجید بوو بۆ تۆقاندنی شۆڕش و گەلی کوردستان، کاریگەریی کارەساتی هەڵەبجە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەدەروونی کورددا لەپەلامارەکانی تردا و تەنانەت لەکۆڕەوی ١٩٩١یشدا دەرکەوت.

هەر کارەساتی شەهیدکردنی هەڵەبجەش وایکرد سەدام حسێن قسەی خۆی جێبەجێ بکات "سەری مارەکە" مەبەستی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە ١٨ی مایس دا داگیربکات و رۆژی ١٩٨٨/٣/١٩ بەرەسمی هەواڵی سەرکەوتنەکانی خۆی لەمیدیاکاندا بڵاوبکاتەوە.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

## ئەنفالی دوو

## ٣/٢٢ بۆ ١٩٨٨/٤/١

**"من ئەو ناوچە گەورەو بەرینانە قەدەغەدەکەم و نایەڵم کەسیان تێدا بمێنێت، گوایا چییە ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغەبکەین لەقەرەداغەوە بۆ کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی.."(٤)**

Second Anfal: 22 March - 1 April 1988




دووەم ناوچە پاش سەرکردایەتییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەلای ڕژێمی بەعسەوە جێگای گرنگیپێدان بوو، ناوچەی قەرەداغ بوو، ئەم هەرێمە بەلای یەکێتییشەوە مایەی گرنگی پێدانێکی زۆر بوو، چونکە ئەڵقەی پەیوەندیی زۆربەی هێزەکانی یەکێتی بوو. بارەگای مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ك) و بارەگای حزبی شیوعیی وپارتی دیموکرات و پاسۆك و بزووتنەوەی ئیسلامی کەتازە بەرەیەکی کوردستانییان راگەیاندبوو..

لەسەرەتای هەشتاکانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سنووری دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەو ناوچەیەدا بەفراوانتر دەبوو، بگرە لەساڵی ١٩٨٧دا یەکێتیی توانیی ناحیەی قەرەداغ کۆنترۆڵ بکات.. بەپێی هەندێك لەبەڵگەنامەکان کە لەعەلی حەسەن ئەلمەجیدەوە بەجێماون، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەتاکوهاوین یەك کەس لەو ناوچەیەدا ناهێڵێت.

ئەوەبوو لەبەرەبەیانی ١٩٨٨/٣/٢٢ پاش سێ ڕۆژ لەکۆتاییهاتنی ئەنفالی یەکەم سوپای عیراقی بەفەرماندەیی لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی لەم قۆڵانەوە هێرشیکردە سەر بارەگای مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*دەربەندیخان بۆ شاخی گوڵان و کانی ساردو زەردەو بەلەکجارو سێوسێنان.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

*لەشارەزوورەوە بۆ زەلەڕەش و بەردەکەڕو ناوتاق.

*لەبورجەکەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ.

*لەگردە سیرو مێریاسییەوە بۆ گڵەزەردە، زرگوێز، دارەڕەش.

بەپێی بەیاننامەی ژمارە ٣١٠٩ هێزە چەکدارەکانی عیراق ئەو هێزانەی کە لەم پەلامارەدا بەشدارییان کردووە بریتیبوون لە:

-فەوج و لیواکانی سەر بەقیادەی قواتی ئوسامە بن زەید.

-فەرماندەی هێزەکانی جەحافیلی دیفاعی وەتەنیی یەك.

-ئامرییەی جەحافیلی وەتەنیی سێ.

-ئامرییەی کەرتی سەربازیی قەرەداغ.

-هەموو فەوجە خەفیفەکانی بەشداربوو لەئەنفالی یەکەم، ئەمە جگە لەئەمن و ئیستخبارات و هێزی ئاسمانیی و تۆپخانەکان.

بەپێی قسەی زۆربەی پێشمەرگەکانی سنووری مەڵبەندی یەك، بەهۆی بەشدارییکردنیان لەشەڕەکانی سەرکردایەتی (ئەنفالی یەکەم)، ژمارەی پێشمەرگە لەسنووری مەڵبەندی یەك کەمبووە، بەڵام تیپی مەڵبەندی یەك لەگەڵ ژمارەیەك مەفرەزەو کادیر و پێشمەرگە کەنەچوو بوون بۆ شەڕەکانی ئەنفالی یەك و هەندێك لەو پێشمەرگانەی کەپاش ئەنفالی سەرکردایەتیی هاتبوونەوە لەگەڵ بەرگریی میلیی و نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی و ٢٠٠ پێشمەرگەی حزبی شیوعیی و بزووتنەوەی ئیسلامی لەشەڕەکانی ئەنفالی دووەدا بەشدارییان کرد.

هەروەك شەڕەکانی تری ئەنفالی یەك، ڕژێمی بەعس، لەم شەڕانەی ئەنفالی دووەدا بەشێوەیەکی چاو نەترسانە چەکی کیمیایی لەدژی پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان بەکارهێنا، مقاوەمەتکردن لەم ئەنفالەدا لەچاو کەمیی هێزی پێشمەرگەو زۆریی هێزەکانی ڕژێم هێشتا زۆربوو، شەڕەکان نزیکەی هەفتەیەکی خایاند، بەڵام دواتر ڕژێم توانیی بەتەواوی سنووری قەرەداغ کۆنترۆڵبکات و ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەنفالی سێیەم خۆش بکات. لەئەنفالی دووەدا ژمارەی ئەو خەڵکەی کە لەلایەن سوپای عیراقەوە گیران و پاشان بێ سەروشوێن کران، بەتایبەتی ئەوانەی کەبەرەو خوارووی قەرەداغ هەڵهاتبوون، یەکجار زۆربوو، تەنانەت ئەو خێزانانە، کەبەرەو گەرمیان هەڵهاتن پاشتر چارەنووسیان بۆ هەتا هەتایە دیار نەما.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

# ئەنفالی سێیەم
# ٧-٢٠ی نیسانی ١٩٨٨

".. بەچەکی کوشندەی نوێ داتاندەڕزێنم، بەم جۆرە هەڕەشەیان لێدەکەم و هانیاندەدەم خۆبدەن بەدەستەوە، ئەوسا دەبینن کەهەموو ئۆتۆمۆبیلەکانی خوا خۆیشی بەشی ئەوە نەکات هەموویان هەڵبگرێت.."-( عەلی حەسەن ئەلمەجید-١٥ی نیسانی ١٩٨٨ )

Third Anfal (North): 7 April - 20 April 1988







ANATOMY OF A CAMPAIGN Third Anfal (South): 7 April - 20 April 1988

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

بێدەنگبوونی نێوەندە سیاسییەکانی دونیا لەئاست شاڵاوی ئەنفالی یەکەم و دووەم ئەو کوشت و کوشتارە زۆرانەی کەسوپای عیراق بەسەرکردایەتیی عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەنجامیدەدا، هەروەها ونبوونی شەهیدکردنی شاری هەڵەبجە لەنێو تەپوتۆزی شەڕی عیراق-ئێران، دەستی عەلی حەسەن ئەلمەجیدی کردەوە

تاکو بەنەخشەیەکی دڕندانەتر و بێ بەزەییانەترەوە پەلاماری گەرمیان بدات.. جگە لەوانە سوپای عیراق لەکاتی پەلاماری گەرمیاندا لەبەرەکانی تری جەنگی عیراق-ئێران، سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنابوو.

سنووری پەلامارەکانی ئەنفالی سێ کە بەفەرماندەیی (بارق عبداللە حاج حنتە) بوو، بریتیبوو لەکەرکوک، تووزخورماتوو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، زنجیرە چیای قەرەداغ، تەکیە، چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ناوانە دەبینین گەورەترین و بەربڵاوترین سنووری ئەنفالەکان، ئەنفالی گەرمیانە، ئەوکاتە نزیکەی (١٢٠٠)گوندو لادێی ئازادکراوی لەخۆدەگرت.. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەنفالی گەرمیان بریتیبوو لەوەی چەکی کیمیایی بەکارنەهێنرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین زیان کە لەڕووی مرۆییەوە لەکورد کەوتبێت لەماوەی ئەو سیانزە رۆژەی ئەنفالی سێیەمدا بووە.

هەروەها پێچەوانەی ئەنفالی یەك و دوو خەڵك و پێشمەرگە لەئەنفالی سێدا هیچ رێگایەکی دەربازبوونیان پێ نەدرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەپێشمەرگەو نەخەڵك ئامادەنەبوون بەئاسانی خۆیان تەسلیم بەڕژێم بکەن، بۆیە دەبینین لەئەنفالی سێدا پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعیی و لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی و هێزی پشتگیریی میللیی بەراددەیەك رووبەڕووی ئەو هێزە زەبەللاحەی رژێم بوونەوە کەسەرکردایەتیی پەلامارەکە هیچ باوەڕی بەو ورە بەرزییەی پێشمەرگەو خەڵك نەبوو.

رۆژی ٤/١٣ پەلامارەکانی سوپای عیراق و جاشەکان بەراددەیەك بوو کەئاسان نەبوو چیتر لەبەرامبەریدا مقاوەمەت بکرێت و لەهەموو لایەکەوە سوپاو جاش پێشڕەوییان دەکردو خەڵکەکەش بەسەرگەردان بەرەو جادە گشتییەکان دەڕۆیشتن، بەڵام جاش و جەیش کەگوندەکانیان دەسووتاند لەرێگای گەیشتیانیاندا بۆسەیان بۆ دانابوون و زۆرترین ژمارەی خەڵکی گەرمیان لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٨دا دەستگیرکران. دەستنیشانکردنی ١٩٨٨/٤/١٤ وەك رۆژی ئەنفال هەر لەوەوە هاتووە. هەر لەو کاتەوە هێزی پێشمەرگە وردە وردە بەرەو سنووری کۆیەو مەڵبەندی سێ پاشەکشەیان کرد.

یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی کەوای لەعەلی حەسەن ئەلمەجید کرد ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك لەسنووری گەرمیاندا بێ سەروشوێن بکات، بریتیبوو لەرێگا خۆشکردن بۆ تەریبکردنی گەرمیان، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توانایەی کە لەلایەن سوپای عیراقەوە تەرخانکرابوو بۆ کۆنترۆڵکردنی گەرمیان، کەچی پێشمەرگەکانی گەرمیان سەرسەختانە بەگژ ئەو سیاسەتەدا چوونەوەو لەرێگای چەندین مەفرەزەی پارتیزانەوە ناوچەکەیان چۆڵ نەکردو پاشتر هەر ئەو مەفرەزانە بوون بەرێگاخۆشکەر بۆ راپەڕینی ئازاری ١٩٩١.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

# ئەنفالی چوار
## ٣-٨ی ئایاری ١٩٨٨

Fourth Anfal: 3 - 8 May 1988




**"تەنیا خوا دەتوانێت لەتۆ زیاتر بکات، تۆ دەتوانیت هەموو شتێك بکەیت، ئەمە حزبی بەعسەو دەتوانێت هەموو شتێك بکات.."-(ئەبو محەمەد-یەکێك لەبەعسییەکان بە عەلی حەسەن ئەلمەجیدی وتووە)**

پاش تەواوبوونی ئەنفالی سێیەم و گرتنی ئەو هەزاران کەسەو کۆکردنەوەیان لەچەند کامپێکی وەك تۆپزاوە، لە ١٣/٤/١٩٨٨دا نووسینگەی باکوور نووسراوێکی بەژمارە (٤٣٤) دەرکردو تیایدا بەرنامەی بۆ ئەو پێشمەرگانەی کەخۆیان تەسلیم دەکەن داناوە. بەپێی ئەو بروسکەیەی کە لە ٢٩/٤/١٩٨٨دا ئەمنی هەولێر کردوویەتی بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتی و بەش و لقەکانی ئەمن لەسنووری پارێزگای هەولێر، دەقی نووسراوەکەی نووسینگەی باکوور بریتییە لەدوو خاڵی سەرەکیی:

١-حجزکردنی ئەو پێشمەرگانەی کەخۆیان تەسلیمدەکەن لەو شوێنانەی ئەنفالی یەك و دوو و سێ، نەیگرتوونەتەوە، لەچەند سەربازگەیەکی تایبەتدا تاکاتێکی تر، بەڵام ئەوانەی خۆیان تەسلیم بەفەوجەکانی دیفاع وەتەنی دەکەن لەلای جیهاتە سەربازییەکاندا دەمێننەوە.

٢-ئەم تەوجیهاتە ئەو پێشمەرگانە ناگرێتەوە لەو جێگایانە خۆیان تەسلیم دەکەن شەڕی تێدایە، بۆ نموونە شوێنێکی وەك حەوزی سەرگەڵوو بەرگەڵوو کەئەنفالی یەکەمی تێداڕوودراوە ناگرێتەوە، بەڵکو بەپێی بروسکەی (٤٢٩) هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت و دەنێردرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن.

ئەم بروسکەیەی عەلی حەسەن ئەلمەجید گۆڕانێکی بنەڕەتیی لەهەڵسوکەوتیان بەرامبەر پێشمەرگەو کەسوکارو خەڵکی ناوچەکە تێدایە، چونکە تێیدا باس لە(سەربازگەی تایبەت) دەکرێت. دیارە لێرەوە کوشتنی بەکۆمەڵی پێشمەرگەو خەڵك دەبێتە مەنهەجێکی ڕەسمیی خەڵك. هەر لەبەرئەوە ڕژێم لەشارو شارۆچکەکاندا

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

پەلامارێکی دەستپێکرد بۆ گرتنی هەموو ئەوانەی کەخۆیان نەدابوو بەدەستەوەو لەو شارانەدا خۆیان قایمکردبوو.

بەگرتنی گەرمیان پێشمەرگەکان بەرەو سنووری ئەنفالی چوار هەڵکشان. رژێمی بەعسیش وەك مار بەدووی پێشمەرگەوە بوو. (بارق عبدالله حاج حنتە) کەدواتر بەدەستی خودی سەدامەوە لەپاش شەڕی کوێت کوژرا، زۆر بەدڕادانەیی تەوجیهاتەکانی عەلی حەسەن ئەلمەجیدی جێبەجێدەکرد. لەئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨دا، پەلاماری ئەنفالی چوار بەکیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر دەستپێیکرد. لەو کیمیابارانکردنەدا نزیکەی (١٥٤) کەس بەگازی ژەهراوی خنکان.

شۆڕش حاجی رەسوڵ لەکتێبی (ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق) قۆڵەکانی پەلاماری چوارەم، بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

–لەئاغجەلەرەوە بەرەو گۆپتەپە و عەسکەر بۆلقامیش.

–لەسووسێوە بەرەو کەڵەشێرەو چەمی رێزان.

–لەجادەی سووورداشەوە بەرەو شیلەخاك و عەودالان.

–لەدووکانەوە بەرەو کەلکەسماق و بۆگدو کلیسە.

–لەخەلەکانەوە بەرەو هەیبەت سوڵتان و کانیکوردەو داوداوە.

–لەکۆیەوە بەرەو ئاسکی کۆیەو شەوگێڕو تیمارۆك.

–لەتەقتەوە بەرەو باغەزە نێرو بەرزاییەکانی تر تەلەکتوو.

–لەتەقتەوە بەرەو کانی لەلەو ئۆمەرگومبەت و سێ گرتکان.

–لەئاڵتوون کۆپرییەوە بەرەو قەشقەو خورخوڕ.

–لەشیوە سوورەوە بەرەو ئۆمەرمەندان و تورکمان باغ.

–لەجادەی شوان–تەقتەقەوە بەرەو شێخ بزێنیی سەروو خوارەوە.

–لەچەمچەماڵەوە بەرەو تورکی و تیژەتیلیان.

لێرەوە دەردەکەوێت کەسنووری ئەنفالی چوار ناوچەکانی کەرکوك و ئاڵتوون کۆپری و دێگەڵە، کۆیەو خەلەکان و دووکان و سووورداش و تەکیەو چەمچەماڵ–ی گرتووەتەوە، تەماشای نەخشەی ئەنفالی چوار بکە.

رژێم جگە لەو هێزانەی کەئەنفالی یەك و دوو و سێی پێ ئەنجامدابوون، هەندێك هێزی تازەشی هێنابوو.

هەرچەندە بەرنامەی سەرەکیی هێزی پێشمەرگە بریتیبوو لەپاشەکشەکردن بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، بەڵام کۆمەڵێك پێشمەرگە بڕیاریاندا وەك پارتیزان لەناوچەکەدا بمێنەوە. ئەو شەڕانەی کەپێشمەرگەو بەرگریی میلیی دەیانکرد تەنیا بۆ ئەوەبوو کەخەڵك ماوەی زیاتری هەبێت بۆ دەربازبوون و خۆڕزگارکردن.

شۆڕش حاجی لەکتێبی ناوبراودا دەڵێت: "تیپەکانی ناوچەی گەرمیان و شارەزوور لەبەرزاییەکانی تەکەڵتووی دەشتی کۆیەدا پێشیان بەهێزەکانی دوژمن گرت و شەڕێکی زۆر سەخت لەنێوان پێشمەرگەو هێزەکانی فەرماندەیی پارێزگاریی نەوت و جاشەکان روویدا. لەو شەڕەدا (نۆ پێشمەرگە شەهیدبوون)، بەڵام دوژمن نەیتوانی هیچ پێشڕەوییەك بکات.. ئەو شەڕە گیانی هەزاران گوندنشینی ناوچەکەی رزگارکرد..".

لەئەنفالی چواردا جگە لەشەهیدبوونی سەدان کەس، بەهەزارانیش گیران و پاشان بێ سەروشوێن کران، بەکۆتایی هاتنی ئەنفالی چوار لە ٨ی ئایاری ١٩٨٨ ئیتر جگە لەهەندێك پارتیزان، هیچ جێگایەك نەما لەسنووری کەرکوك و سلێمانی، پێشمەرگەو خەڵکی تێدابێت.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

# ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت
## ناوچەکانی شەقڵاوەو ڕەواندز
## ١٥ی ئایار-٢٦ی ئابی ١٩٨٨

"ڕاستییەکەی ئەوەی ئێمە ئە نجامانداوه شتێکە کەوا حزب و سەرکردایەتیی هەرگیز نەیانتوانیوە تا ساڵی ١٩٨٧بیکەن.."-( عەلی حەسن ئەلمەجید-١٩٨٨/٥/٢٦ )

Fifth, Sixth, and Seventh Anfals: 15 May - 26 August 1988




نزیکەی سێ مانگ بەسەر ئەنفالی یەکدا تێپەڕیبوو، ڕژێم توانیبووی بنکەو بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانی و ئەو حزبانەی کە لەسنووری کەرکوک و سلێمانیدا هەبوون لەئەنفالی دوو سێ و چواردا تاڕادەی ٩٩٪ تێکبدات و جگە لەهەندێك مەفرەزەی پارتیزان نەبێت لەناوچەکەدا، هیچ بوونەوەرێك نەهێڵێت و گوندو شارۆچکەکانی خاپوور بکات، بەڵام لەسنووری هەولێردا هێشتا گیانی بەرگری و خۆڕاگریی بەرزبوو..

کاتێك لە ٨ی ئایاردا ئەنفالی چوار تەواوبوو، مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیزانی کە عەلی حەسەن ئەلمەجید بەنیازە پەلاماری ئەمجارەی خۆی ڕوو لەوان بکات، هەر بۆیە کەوتنە ئیحتیاتکردن و کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی و شاردنەوەی لەئەشکەوت و شاخە بەرزەکانداو خۆیان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادەکرد.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

تیپەكانی مەڵبەندی سێی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و بەشێك لەتیپەكانی ٢١ی كەركوك و ٢٥ی خاڵخاڵان و چەند مەفرەزەو كەرتێكی تیپەكانی مەڵبەندی یەك و چەند مەفرەزەیەكی ناوەندیی كۆمەڵەو دەزگای پێشمەرگایەتی و مەكتەبی سیاسیی (ی.ن.ك) لەو كاتەدا لەشوێنە جیاجیاكانی رەواندز و شەقڵاوە سەنگەریان لێدابوو.

پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی سۆسیالیستی كوردستان و حزبی شیوعیی عیراق و پارتی گەل و بزووتنەوەی ئیسلامیی، كەهەر هەموویان لەسنوورەكەدا بارەگایان هەبوو، شانبەشانی یەكێتیی نیشتمانیی خۆیان بۆ شەڕێكی درێژخایەن ئامادەدەكرد.

بەڵام جیاوازیی ئەم پەلامارە چاوەڕوانكراوەی رژێم بەبەراورد لەگەڵ پەلامارەكانی ئەنفالی یەك و دوو وسێ و چوار بەلای پێشمەرگەوە ئەوەبوو كەخەڵكی مەدەنی كەمتر لەسنووركەیاندا هەبوو، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەو راپۆرتەی كەمیدل ئیست ووچ كۆیكردبووەوە، هۆكاری كەمیی ژمارەی خەڵكی مەدەنی لەناوچەكەدا دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لەساڵانی ١٩٧٧و ١٩٧٨و ١٩٨٣و ١٩٨٤ دا ناوچە سنوورییەكانی پارێزگای هەولێر چۆڵكرابوون و لەپەلامارەكانی نیسانی ١٩٨٧یشدا دۆڵەكانی باشووری رۆژهەڵاتی رەواندز خەڵكەكەیان بەزۆری چۆڵیان كرد.

حەوت رۆژ پاش تەواوبوونی ئەنفالی چوار، رژێم رووی پەلامارەكەی كردە ناوچە سەخت و شاخاوییەكانی رەواندزو شەقڵاوە، بۆ ئەم مەبەستەش هێزێكی زل و زەبەللاحی ئامادەكرد، كەبریتیبوون لە:

فەرماندەیی هێزەكانی ٣٧، فیرقەی پێنج، فیرقەی ٤٦، فیرقەی ٤٥، هێزی گەرۆكی سەر بەفیرقەی ٢، لیوای ١١٩ی سەر بەفیرقەی ٢، لیوای ٦٦ی قوات خاسەی سەر بەفەیلەقی٢، لیوای مەغاویری یەك، فەیلەقی پێنج، لیوای ٣٦ی فەیلەقی پێنج، لیواكانی ١٩، ٩١، ٤٥٢ی فیرقەی ٣٧ی فەیلەقی یەك، لیواكانی ٧٦، ٨٢، ٩٨ی فیرقەی ٤٠، لیوای ٤٥٢ی فیرقەی ٣٧، لیواكانی ٤٢٠، ٧٠٢، لیوای ١١٦، لیوای ٤٣٤، فەوجەكانی مەغاویری ١و٢ی فیرقەی ٢، فەوجی یەكی مەغاویری سەر بەفەیلەقی یەك، فەوجی پیادەی ٢٦، لیوای زرێپۆشی٨٠، كەتیبەی تانكی ٧ی نیسان، كەتیبەی تانكی احفاد كرار، جگە لەو هێزە سەربازییانە، ٢٢ فەوجی جاش كەپێكهاتبوون لەفەوجەكانی (٤٦، ١٣٧، ٤٢، ٧٩، ٩١، ١٤٠، ١٧٥، ٢١٤، ٢٣٨، ٢٤١، ١٨١، ٦٩، ١٠٢، ١٠٤، ٣١٨، ٨٣، ١٢٤، ١٢٦، ٢٤٩، ٢٠٤، ٢١٢، ٢٥٩) بۆ پەلاماری ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت ئامادەكرابوون،

یەكەم رۆژی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت ئێوارەیەكی درەنگوەختی ١٩٨٨/٥/١٥ بۆسەر گوندی (وەرتێ) دەستیپێكرد. لەو ئێوارەیەی كۆتایی مانگی رەمەزاندا دوو فرۆكەی جەنگیی هێزی ئاسمانیی عیراق زۆر بەخەستی كیمیابارانی ئەو دوندەیان كردو چەندین ژن و منداڵ و جووتیاری گوندەكەیان شەهیدكرد. لەپاش ئەو هێرشە ئاسمانییە بۆ هەفتەیەك هیچ شتێك رووی

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

نەدا، بەڵام لە ٧/٢٣ بالیسان و هیران و دۆڵەکانی دیکەی دەوروبەری بوون بەئامانجی هێرشی کیمیایی لەلایەن هێزی ئاسمانیی عیراقەوە، ئەو هێرشانە بەڕاددەیەك چڕبوون کە لەبەرەیەکی جەنگی عیراق-ئێران دەچوو، بۆ رۆژی دوایی هێزی زەمینیی سوپای عیراق و جاشەکان لەسێ قۆڵەوە پەلاماری ناوچە رزگارکراوەکانیاندا، خەڵکی گوندەکان لەترسی هێرشی تری کیمیایی ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت و بوون بەسێ دەستەوە، دەستەیەکیان پەنایان بردە بەر ئێران، دەستەی دووەم خۆیان گەیاندە کۆمەڵگای حاجی ئاواو دەوروبەری، دەستەی سێیەمیان لەچیاو دۆڵەکاندا لەگەڵ پێشمەرگەکاندا مانەوە، چارەنووسی دەستەی سێیەم گرتن و پاشان بێسەروشوێنکردنیان بوو لەلایەن سوپای عیراقەوە.

لەپاش ئەو پەلامارە، بۆماوەی سێ مانگ فڕۆکەکانی عیراق بەبەردەوامی ناوچە رزگارکراوەکانیان بۆردومان دەکرد. لەبەر بەرگریکردنی زۆری هێزی پێشمەرگە، حکومەت بەئاسانی و بەیەك قۆناغ نەیتوانی هەرگیز مەڵبەندی سێ کۆنترۆڵبکات و پێشمەرگە تێکبشکێنێت، بگرە تێکشکاندنی سوپاو جاش بەڕاددەیەکبوو کە لەبرووسکەکانی بەرەی شەڕەکەدا بۆ فەرماندەیی بەئاشکرا دیارە.

لەناوەڕاستی حوزەیرانی ئەوساڵەدا مام جەلال بەسەردانێك و بۆ خستنەڕووی رەوشی کوردو جینۆسایدکردنی لەلایەن عیراقەوە، گەیشتە ئەمریکاو جگە لەکۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەگەڵ چەند کەناڵێکی راگەیاندندا حەقیقەتی ئەوەی لەکوردستان روویدەدا خستەڕوو، بەڵام بارودۆخی ئەو دەمە کەشەڕی سارد هێشتا تەواو نەبووبوو، لەبەرژەوەندیی کورددا نەبوو.

بەرگریی هێزی پێشمەرگە لەسنووری مەڵبەندی سێ بەڕاددەیەك بوو، کەخودی سەدام حسێن بێتە ناو هاوکێشەی کورد-عەلی کیمیاییەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئێران لە ١٧ی تەمموزی ١٩٨٨دا بڕیاری ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبووڵکرد. ئەم هەڵوێستەی ئێران سەبارەت بەکوردەوە لەهەمان هەڵوێستی ١٩٧٥ دەچوو، چونکە بێ رەچاوکردنی دۆخی کورد، یەك لایەنە کۆتایی بەشەڕەکە هێناو سەرکەوتنێکی گەورەی لەسەر سینییەکی زێڕین دا بەسوپای عیراق. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەمەولا تێکڕایی هێزە چەکدارەکانی عیراق دەستیان کراوە دەبێت بۆ گیانی کورد، رۆژی ٢٦ی تەمموزی ١٩٨٨، مەڵبەندی سێ بڕیاری پاشەکشەیەکی رێك و پێکیان بۆ سەرسنوورەکان دا. لەڕۆژی ٢٨ی ئابدا هێزی پێشمەرگە بەتەواوەتی لەناوچەکە پاشەکشەیان کردو لە ٢٨ی ئابدا هێزی زەمینیی عیراق کەتا ئەو ساتە چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد بەرەو ناوچە چۆڵ و هۆڵەکانی رەواندزو شەقڵاوە بەڕێکەوتن و گوند بەگوندیان لەگەڵ خاکدا یەکسان کردو خۆیان بۆ ئەنفالی هەشتەم ئامادە کرد.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

## ئەنفالی هەشتەم و کۆتایی (بادینان)

## ٢٥ی ئاب بۆ ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨

**"بەدرێژایی تەمەنم حەزم لەیەکسانیی کورد کردووە، بەڵام تەنیا لەئەنفالەکاندا کورد بەیەکسانی لەلایەن بەعسەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا.."-( مام قادر-یەکێك لە پاشماوەکانی ئەنفالی گەرمیان )**

Final Anfal: 25 August - 6 September 1988




لە ٢٥ی ئاب تەنیا ١٧ ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوان عیراق و ئێراندا تێپەڕیبوو، بگرە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسنووری مەڵبەندی سیٚ هێشتا لەبەرگرییەکی سەرسەختانەدا بوون، کاتێك عەلی حەسەن ئەلمەجید خۆی پیٚ نەگیراو هێرشێکی بەربلاٚوی کردە سەر بادینان. ئەو هێزانەی کەبۆ ئەم پەلامارە ئامادەکرابوون، بریتیبوون لە:

*فیرقەی پیادەی چوار کەشەش لیوای هەبوو لەکانی ماسییەوە بەرەو ڕەشاوەو چیای مشینە، ئەم فیرقەیە ٢١ فەوجی جاشی لەگەڵدا بوو.

*فیرقەی پیادەی ژمارە ٧ کەپێنج لیواو ٢٦ فەوجی جاش و چەند کەتیبەیەکی تۆپ و زرێپۆشی لەگەڵدا بوو لەپێگۆڤەوە بەرەو چیای مەتین.

*فیرقەی پیادەی ژمارە ٣٥ کە لەشەش لیواو ٢٦ فەوجی جاش و کەتیبەیەکی تۆپ و زرێپۆش پێکهاتبوون، لەشەمدینانەوە هێرشیان هێنابوو.

*هێزەکانی فەرماندەیی ٤٥ کە لە سیٚ لیواو ١٢ فەوجی جاش و چەند کەتیبەیەکی تۆپ و زرێپۆش پێکهاتبوون، لەقوڵی شیروانی مەزن و بارزانەوە پەلاماریان دەستپێکرد.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

*فەرماندەیی حەحافیلی وەتەنیی پێنج و چوار لیوا لەقۆڵی دینارتەو بلەوە پەلاماریانداو ١٤ فەوجی جاش و چەند کەتیبەیەکی تۆپ و زرێپۆشیان لەگەڵدابوو.

*فیرقەی ٤١ی پیادە کە لەسێ لیواو ١٥ فەوجی جاش پێکهاتبوو لەسەرسەنگەوە بەرەو رەزگەو چیای گارا پەلاماریان دا.

*قواتی ٣٨ی فەیلەقی پێنج کە لەچوار لیواو ٢٠ فەوجی جاش پێکهاتبوون، لەزاخۆوە بەرەو گلناسکێ پەلاماریان دا.

*فیرقەی پیادەی ژمارە ٤٢ کە لەپێنج لیواو ٢١ فەوجی جاش پێکهاتبوون لەگەڵ یەکەیەکی تۆپخانەو زرێپۆش لەقۆڵی ئەترووش و سوارەتووکەوە پەلاماریان دەستپێکرد.

بەشێکی زۆر لەو هێزانەی کە لەئەنفالی بادیناندا بەشدارییان کردبوو لەبەرەکانی شەڕی عیراق-ئێرانەوە هێنرابوون بۆ کوردستان، رژێم پێش ئەوەی هێرشەکانی دەستپێبکات هەندێك زانیاریی لەسەر ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەناوچەکەدا هەبوون کۆکردبووەوە، سوپای عیراق پێی وابوو کەهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانەی کە بەنیازن پەلاماری بدەن خۆی دەدات لە ١٨٠٠-٢٠٠٠ پێشمەرگەو ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لەنێوان ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ کەس دەبێت و حزبی شیوعیی ٢٠٠ پێشمەرگەو حەفتا پێشمەرگەی پارتی گەل-یش لەو دەڤەرەدا هەن، بەم جۆرە سوپای عیراق وا حۆی ئامادەکردبوو کەشەڕ لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠٠ پێشمەرگەیەك دەکات، بەڵام لەحەقیقەتدا چەند حزبێکی تر لەناوچەکەدا هەبوون، وەك حزبی سۆسیالیستی کوردستان کەژمارەی پێشمەرگەکانی ٣٠ کەس دەبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیی و حزب الله کە بەهەردووکیان ٤٠٠ پێشمەرگەیان هەبوو.

وەك هەموو پەلامارەکانی تری سوپا بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکان، ئەنفالی بادینانیش بەتۆپباران و بۆمببارانکردنی شاخ و دۆڵ و گوندەکان دەستپێکرد. ئامانجیش لەوە رووخاندنی ورەی پێشمەرگەو ئەو خەڵکە بوو کە لەو ناوچانەدا بڕیاری بەرگریکردنیان دابوو، لەو پەلامارەدا ٤٥ گوندی بادینان بەر گازەکانی خەردەل و دەمار کەوتن، ئەم بۆردومانە خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگەی وەك یەك تۆقاند و خەڵك کەوتنە دەربازکردنی گیانی خۆیان. بۆردومانە کیمیاییەکان بەرادەیەك بوو کەسەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لەهێزەکانی خۆی کرد، کە بەرگری لەگەڵ گازی کیمیاییدا ناکرێت.. لە ٢٦ی ئابدا ئیتر هیچ بەرگرییەك لەبەرامبەر سوپای عیراق و جاشەکاندا نەماو لە ٢٨ی ئابدا جاش و جەیش بێ هیچ ترسێك چوونە ناو گوندو دۆڵ و چیاکانەوە..

هەرچەندە سوپای عیراق هەوڵی زۆریدا سنووری تورکیا-عیراق بگرێت بۆ ئەوەی کەس دەرباز نەبێت و ئاوارە نەچێتە تورکیاوە، بەڵام نەخشەکەی سەری نەگرت و ٦٥ بۆ ٨٠ هەزار کەس خۆیان گەیاندە ئەودیو سنوور. سەرەڕای هەوڵی زۆری پێشمەرگەکان بۆ دەربازکردنی خەڵکەکە،

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com

بەڵام لەبەر گرتنی زۆربەی ڕێگاکانی هاتوچۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەو شاڵاوەدا گیران و تاکو ئێستا بێ سەروشوێنن.

بەمجۆرە لەشەشی ئەیلوولی ١٩٨٨دا سەدام حسێن-ی دیکتاتۆر بۆ جاری دووەم، بەڵام ئەمجارەیان لەڕێگای ئامۆزا خوێنڕێژەکەیەوە توانیکێشەی کورد لەعیراقدا بۆ ماوەیەك سەرکوت بکات و تێکڕای کوردستان بخاتەوە ژێر چنگی خۆی، بەڵام ئەوەی شۆڕشی کورد لەشۆڕشی گەلانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە هەرگیز پاش هیچ هەرەسێك ورەی نەڕووخاوەو گیانی بەرگریکاریی تێدا بەهێزتر بووە، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆخۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەپاش دوو ساڵ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، جارێکی تر ئەو ورەیەی جاران گەڕایەوەو زۆربەی کوردستانی باشوور ڕزگارکراو سەرئەنجام بەسەبرو پشوودرێژیی و تەحەمولکردنی هەموو ناڕەحەتییەکان لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا تەخت و تاراجی دیکتاتۆرەکانی بەغدا بەهاوکاریی دۆستانمان ڕووخاو جەللادەکانی ئەنفالیش وا ئێستا لەچاوەڕوانیی دادگاییکردندان..

سەرچاوەکان:

١-میدل ئیست ووچ، جینۆساید لەعیراق، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق،.

٢-شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال، کوردو دەوڵەتی عیراق.

٢-چەند چاوپێکەوتنێکی‌نوسەر لەگەڵ پێشمەرگەبەشداربوەکانی ئەنفالەکاندا.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com